• بیرەوەری

ـ کاوەی ئەحمەد میرزا ـ

کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی پێشوو چەند بیرەوەریەك

لەساڵی (1956)داو بە دەستپێشکەریی مامۆستایان رەفیق چالاكو نوری وەشتی ، لە سەر شانۆی سانەوی کوڕان لە شاری سلێمانی شانۆیی‌ی (پیسکەی تەڕ پیر) پێشکەش کرا ئەم شانۆیی‌یە لە نووسینی (مۆلێر)ە ، رەفیق چالاك بە هاوبەشی نووری وەشتی ئامادەیان کردبووو لە بەرگێکی خۆمالیدا پێشکەشیان کرد .. لەم شانۆیەدا کوڕگەلێکی سەرگەرمو هونەر دۆست هاو بەشیان کرد ، منیش بە هۆی برادەریم لەگەڵ کاك (طه خلیل)دا هاوبەشیم بە شێوەی مولەقن) هەبوو .

هەر ئەم شانۆیەش بوو بیری پێك هێنانی کۆمەڵێکی هونەریی لای مامۆستایان چالاكو وەشتی دروست کرد .. خولیای کۆمەڵێك ـ کە تا ئەو کاتەش ناوەکەی بۆ دانەنرابوو ـ لە مێشكو دەروونی هونەرمەنداندا گینگلی ئەدا .. ئەوەی من لە یادم مابێو لای خۆمەوە ئاگادار بووبم ، دوا بە دوای پێشکەش کردنی پیسکەی تەڕپیر ، جەماعەت جەم کراو هونەر دۆستان کۆبوونەوە ، لە لایەکی تریشەوە تیپی مۆسیقای مەولەوی کە مامۆستا (قادر دیلان) پێشڕەوایەتی دەکرد ، ئەو بیرەیان لا پەسەند بوو(1) .

دەستەو برد پەیڕەوی ناوخۆ سازکراو بە ناوی (کۆمەڵی هونەرە جوانەکان)ەوە داوای مۆڵەت لە میری کرا(2) . لەبەر ئەوەی کاك رەفیق بە دەمو کارامە بوو ، ئاشنایەتی لەگەڵ کاربەدەستاندا هەبوو ، توانی ئەو بینایەی دەکەوێتە تەنیشت پەروەردەی سلێمانیەوە (باخچەی ساوایانی کۆن) وەربگرێتو ببێتە یەکەم مەڵبەندی کارکردنی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ، تەنانەت بەر لەوەی بە شێوەیەکی رەسمی مۆڵەتی کارکردنی پێ بدرێت .. هەر لە هەمان سالداو ماوەیەکی ئەوتۆی نەخایاند بە رەسمی مۆڵەت بە کۆمەڵ درا ..

ئەوەی لە دوو توێی یادما مابێت ، دەستەی دامەزرێنەر جگە لە هەردوو مامۆستایان رەفیق چالاكو نووری وەشتی ئەم برایانە بوون : (قادر دیلان ، نەجاتی عەبدە ، رەئووف یەحیا ، حاتەم سەعید ، خالد سەعید ، ولیم یوحنا ، ئازاد شەوقی ، جەمال بەختیار ، بەهجەت رەشیدی سەعاتچی ، طه خلیل) .

هەر دوا بە دوای مۆڵەت پێدانی کۆمەڵو بە بۆنەی دامەزراندنیەوە ، ئاهەنگێکی مەزنو قەشەنگ لە باخچەی کۆمەڵدا سازکرا ، بۆ ئەم ئاهەنگەش نزیکەی مانگێك کۆمەڵ خۆی بۆ ئامادە کردو لە هەموو سووچێکی کوردستانەوە هونەرمەندانو رۆشنبیران بانگ کرابوون ، لەوانە خوا لێخۆشبوو (سێوە)و (بێکووری)و دەیان رۆشنبیرو هونەر دۆستی تر ، ئاهەنگەکەش بە سروودی کۆمەڵ کرایەوە کە ئاوازەکەی رەفیق چالاك داینابوو(3) .

ئەو تیپەشی مۆسیقای سروودەکەی دەژەند ، جگە لە هونەرمەندانی (مەولەوی) چەند هونەرمەندێکی تر هاوبەشیان تیا کرد ، لەو مۆسیقا ژەنانەی سەر بە تیپی هەوایی‌ی سەربازی بوون . لەوانەی ناوەکانیانم لەیاد مەدە (کاك نووری) کە ئێستا برین پێچە لە خەستەخانەی سلێمانی ، (شەوکەت رەشید) ، (کاك حەمە صالح) ناوێك ، خۆشم لەو سروودەدا کۆرس بووم ..

پاش ئاهەنگی دامەزراندن بە ماوەیەك ، یەکەم هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر ساز کرا ، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ، رەفیق چالاك بووە یەکەم سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر ، ئەم برایانەش

بوونە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر : (نووری وەشتی ، قادر دیلان ، رەئووف بەحیا ، جەمال بەختیار ، حاتەم سەعید ، خالد سەعید ، ئازاد شەوقی ، طه خلیل) .

زۆری پێ نەچوو ، ناکۆکی کەوتە نێوان ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرەوەو بە هاندانی رەفیق چالاك ، نامەی ناڕەزایی دەربارەی (رەئووف بەحیا) بەرز کرایەوەو بە زۆربەی ئەندامان ئیمزا کرا ، ئەنجامەکەشی بە لابردنی کۆتایی پێ هات .

لە ماوەی دامەزراندنو شۆڕشی چواردەی تەمووزدا ، کۆمەڵ چەند بەرهەمێکی هونەری پێشکەش کرد ، لەوانە دووبارەکردنەوەی شانۆیی (پیسکەی تەڕپیر) بوو کە هەمان ئەکتەرەکانی پێشوو دەوریان تیا دەبینی(4) .

دووەم جاری شانۆییەکە ، کە لەسەر شانۆی سانەوی پێشکەش کرا ، موتەصەریفی سلێمانی چاودێری دەکردو لەیەکێ لە ڕۆژانی پێشکەش کردنا ، سەعید قەزاز کە وەزیری ناوخۆ بوو ، بەشداری بینینی شانۆییەکەی کردو پەنجا دیناری پێشکەش کرد .

لەو شانۆییانەی لە ماوەی ناوبراودا پێشکەش کرا ، شانۆیی (گلکۆی تازەی لەیل) بوو(5) .. هەروەها بۆ جارێکی تر شانۆیی (پیسکەی تەڕپیر) پێشکەش کرایەوە ، هەندێ لە ئەکتەرەکانیشی گۆڕا بوون(6) ..

لێرەدا بە پێویستی دەزانم شتێ دەربارەی رادەی هونەریو چۆنێتی پێشکەش کردنی ئەو شانۆییانە باس بکەم کە کۆمەڵ دەی خستنە سەر شانۆ ، هەرچەندە نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە لە نێوان ئیمڕۆو ئەو سەردەمەدا جیاوازیەکی ئێجگار زۆر هەیە ، لەو دەمەدا نە قوتابخانەی هونەری بۆ پێگەیاندنی هونەرمەندان هەبوو ، بشبوایە تاکو تەرا قوتابیی کورد رووی تێ دەکرد ، لەبەر ئەوەی ئەو قوتابخانانە لە پایتەخت بوونو بوونو دەرامەت ڕێی زۆر کەسی نە ئەدا ئەو ئەرکە قورسە هەڵگرێ ، یان ئەوەندە بایەخ بە هونەر نەدرابوو ، بەڵکو ئەتوانم بڵێم لەو سەردەمەدا بە چاوێکی سووکەوە سەیری هونەرمەند دەکرا ، لای زۆربەی زۆری خەڵکی بە گاڵتەو جاریو ڕیسوایەوە دەیان ڕوانیە هونەرمەندان ، بە پێچەوانەی ئەمڕۆوە کە بە چاوی ڕێزو بایەخ پێ دانەوە سەیری ئەو لایەنە گرنگە ئەکەن ، ئەمە جگە لەوەی رادەی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی رۆژ دوای رۆژ لە پێشکەوتندایە ، ئەم لایەنەش کاری تەواو دەکاتە سەر بزووتنەوەی هونەری ، بەڵکو پێشکەوتنی هونەر بەندە بە پێشکەوتنی کۆمەڵەوە ، هەرچەند هونەر خۆی دەتوانێت لەو گۆڕانکاریو پێشکەوتنەدا دەوری باڵا ببینێ .

ئەو کاتە هونەرمەندان تاقی کردنەوەی لەوەو پێشیان نەبووە ، بە دەگمەن یەکێ یان دوان ، یەك دوو بەرهەمی شانۆیی لە پایتەختدا بینیبێت ، کە ئەمەش لە پێشکەش کردنی شانۆییەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی دەدایەوە .

دەربارەی شانۆش ، ئەوە بە تەنیا هەر شانۆی سانەوی کوڕان تاقانە بوو . هەموو بەرهەمەکان لەوێدا پێشکەش دەکران. ئەو شانۆیە هیچ جۆرە ئامێرێکی تەکنیکی تێدا نەبوو کەلکی لێ وەربگیرێت ، کۆمەڵ بەپێی توانا هەوڵی دەدا لەشتی سادەو ساکار بیان ڕەخسێنێت . شێوەی دیکۆر لەوەو پێش زۆر ساکار بوو ، کاك جەمال بەختیار چەند نیگارێکی لەسەر پەردەیەکی پانو پۆڕ دەکێشاو ئەوجا بە ئەڵقەو تەل هەڵ دەواسرا(7) .. بۆ یەکەم جار لە شانۆیی پیسکەدا (دیکۆری موجەسەم) هاتە کایەوە ، کە ئەمەش گۆڕانکاریەکی باش بوو ، یەکەم جار بوو شانۆ ئەو جۆرە دیکۆرە ، بەخۆیەوە ببینێ(8).

لەو سەردەمەدا ، دەرهێنان ئەو دەورەی نەبوو کە ئەمڕۆ دەیگێڕێ ، ئەکتەرەکانیش هەر یەکە بەپێی بۆچوونو سەلیقەی خۆی هەڵسو کەوتی دەکرد ، دەرهێنەر ــ گەر بە پێوانەی ئەمڕۆ بڵێم دەرهێنەر بووە ــ تەنها چەند ئامۆژگاریەکی دەکردو هەندێ جاریش ستایشو ئافەرینی دەکرد(9) .. بایەخ زۆر نەدەدرا بە دەنگو لەش کە دوو هۆی بنەڕەتین لە نواندندا ... زۆر جار دەنگی ئەکتەرەکە لە هۆڵەکەوە نەدەبیسترا ، هۆی ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ گەرە لاوژێو هەراو هوریاو قەزوان قرتاندنی ناو هۆڵەکە ، بە تایبەتی لە شەوی ژنانا !..(10) ئەبوایە ئەکتەرەکە هاواری بکردایە ، زۆر جار ئەنجامەکەی بەدەنگ نووساندن ئەهاتەوە !.. ئەوەی لەناو هەموو ئەکتەرەکاندا بەختەوەرو دەنگی زوڵاڵ بوو ، کاك رەفیق چالاك خۆی بوو، چونکە جگە لەوەی دەنگێکی لەبارو خۆشی هەبوو ، میکرۆفۆنێکی بەسنگیەوە ئەبەست ، کە بەهۆی وایەرێکی زۆر درێژەوە لە ئیمپلیفایەرەکەوە ڕاکێشرا ، هەر کاك رەفیق دایەلۆژێکی دەگوت ، گورج هۆڵەکە بێ دەنگ دەبوو ، مەگەر پێکەنینو چەپڵە بەسەریا زاڵ ببوایە ، لەبەر ئەوە ئاهەنگی شانۆییەکە (ایقاع) لاسەنگ دەبوو ، دەنگێکی زوڵاڵ کە موکەبەرەکان ئەوەندەی تریان قەبە دەکرد، لەگەڵ چەندەنگێکی کزوبێ هێزدا ـ هەرچەندە دەنگ لە ئەکتەرێکەوە بۆ ئەکتەرێکی تر دەگۆڕرا(11) .. ئەوانی تر ناچار لە هەندێ جاردا ، وەك ووتار خوێندنەوە دەنگیان لێ بەرز بکەنەوە . جارێکیان رەفیق چالاك لە شانۆیی پیسکەدا میکرۆفۆنەکەی لە دەرەڵنگی پانتۆڵەکەیەوە بردبووە سەر سنگی ، لەکاتی قسەکردندا ، بۆ وایەرەکە هەندێ لای ڕووت بووەو کارەبای دزیبوو ، تەزووی کارەبای پیا دێو ئەیگرێ ، جا بۆ ئەوەی لای بینەران کارەکە ئاشکرا نەبێ و(نووری بەدەوی) کە سەرپەرشتی ئیمپلیفایەرەکەی

دەکرد ، ئاگادار بکات ، دەیوت : (موئامەرەم لێ ئەکەن ، ئەتانەوێ بەکارەبا بم کوژن !) ، بەڵام کاك بەدەوی بە ماوەیەکی درەنگ تێگەیشت کارەبا تەزوو بە رەفیق چالاکدا دەهێنێت(12) .

لەو کاتەدا لای ئەکتەرەکان موبالەغەکردن لە دەوردا باو بوو ، زۆر جار ئەو موبالەغە کردنە ، وای لە هەندێ ئەکتەر دەکرد خۆی لەبیر بچێتەوەو لە دەورەکەی بچێتە دەرەوە ، ئەمەش کارێکی خراپی دەکردە سەر ئەکتەرەکانی تر کە دوا ڕستەی دایەلۆژی ئەکتەرەکەی هاوەڵی لەبەر کردبوو ، وای لێ دەکردن تابلۆکە بشێوێت ، تا مولەقن فریا دەکەوتو دەی هێنانەوە سەر ڕەوت . چالاك لەو لایەنەدا چاپووك بوو ، هەرچەندە دەوری کەم لەبەر دەکرد ، لەبەر ئەوە هیوای زۆر بە مولەقن بوو(13) ..

لە سەرەتای کارکردنی کۆمەڵدا ، ئافرەت نە دەهاتە سەرشانۆ ! ، چونکە بە کارێکی ناپەسەند دەدرایە قەڵەم ، کوڕ دەوری ئافرەتی دەبینی !.. هەندێ جار کارەساڵی سەیر لە کاتی دەورەکاندا ڕووی دەدا ، جارێکیان یەکێ لە مەمکی ئەکتەرەکان کەوتە خوارەوە !٠ (14) .. یان هەندێ جار سەرو پێچ دەکرایەوە ، ئەوسا پێرووك بەکار نەدەهات، بەڵکو قژی درێژ بەهۆی لاستیك ، یان پەتەوە بەقژەوە بەند دەکرا ، کڵاوو سەرو پێچی دەکرا بەسەرا ! (15) .. زۆربەی ئیشو کاری ئارایشت کەران بەوانەوە خەریك دەبوون کە دەوری ئافرەتیان دەبینی ، ناو بەناویش بۆ گاڵتەو گەپ سوعبەتی خۆش خۆشیان لەگەڵدا دەکردن .. لەوانەی دەستی باڵایا لە ئارایشت کردندا هەبوو مامۆستایان : (ئازاد شەوقی ، ـ سەعید ، بورهان مەسرەف) بوون . لە سەردەمی کۆمە... لایەنی ئارایشت گەلێك پێشکەوتنی بەدەست هێنا(16)

ساڵانی 956 – 957 بە لوتکەی جمو جوولیە... ...مەڵ دەژمێررێت ، لەبەشی یەکەمی ساڵی (1957)ەوە ، کۆمەڵی هونەرە جوانەکان بە هۆی بارو زرووفی سیاسی ئەوسای عیراقەوە بەرەو کزی دەڕۆیشت .. لە ساڵی (1957)دا کۆمەڵ لە شوێنەکەی پێشووی گوێزرایەوە . بۆ ئەم مەبەستەش خانوویەکی ئەهلی بۆ بەکرێ گیرا(17) .. لەو ماوەیەدا دەستەی بەڕێوەبەر گۆڕرا (18) ، ئەوەی شایانی باسە لەو سەردەمەدا بەرەی نیشتمانی دەوری باڵای دەبینی ، ئەوەی من ئاگاداری بووبم ، هەندێ کارو باری بەرە لەکۆمەڵدا بەڕێوە دەبرا ، هەر یەکە لە لایەنەکان بەرە ، نوێنەریان لە دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵدا هەبوو .

لەو کاتەدا کە کۆمەڵ لەو خانووەدا بوو ، دوو شانۆیی ئامادەکرا ، یەکەمیان (پیسکەی تەڕپیر) بوو ، ئەوی تریان (تاوانو تۆلە) بوو(19) .. هەردوو شانۆیەکە بڕا بۆ هەڵەبجەو لەسەر شانۆی سانەوی هەڵەبجە پێشکەش کران(20) . پاش ئەوەی لە هەڵەبجە هەموو شتێ سازکراو جاڕ بڵاوکرایەوە .. لە کاتی چاوەڕوان کردنی خەڵکیدا ، سەیر دەکەین تاكو تەرا نەبێت کەس نایەت بۆ بینینیان ، هەموو سەرسام بووین !.. هۆی چی بێت خەڵکی نایەن ؟! .. تۆ بڵێی نەیان زانیبێت ؟! .. نەخێر ! .. پڕوپاگاندەیەکی باش کرابوو .. ئەو ئێوارەیە هیچی وا حاڵی نەبووین .. بۆ سبەینێ ...ەکە زۆر ئاڵۆز بوو ! .. بەیاننامەی سیاسی بڵاوکراوەتەوەو ... خەڵکی کراوە نەچن بۆ بینینی ئەو شانۆیانە ... ناوی (....) هۆی سەرەکی بوو ، هەرچەندە ... هەمان بەرە جێگری سەرۆکی کۆمەڵ بوو ، لە هەڵەبجە لە گەڵماندا بوو .. پاش ئەوەی زۆر شت ڕوون کرایەوە، کارەکە

پێچەوانە بووەوە ، وای لێ هات هۆڵەکە یەکێکی تری نەدەگرت! .. لەبەر دەرگا لەسەر بلیت برین دەمە قاڵیەکی دوورو درێژ بوو .. سێ شەو شانۆییەکان پێشکەش کران ، لە شەوی چوارەمدا هەواڵی لافاوەکەی سلێمانیمان پێ گەیشت ، دەست بەجێ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی ، هەرچەندە خەڵکی بە پەرۆشەوە داواکاریی ئەوە بوون بەردەوام بین .. کارەساتی لافاو کارێکی خراپی بە شاری سلێمانی کردبوو ، زۆر کەس لەناو چوونو زۆر شوێنو خانو بەرە زیانی پێ گەیشتبوو ، یا لەو شوێنانە بارەگای کۆمەڵ بوو .. ئەو کارەساتە وای ...ۆمەڵ کرد بیر لەوە بکاتەوە هاوبەشی لە باربووی لێ...ەوماواندا بکات . هەر دەست بەجێو زۆر بە گورجی شانۆیی (لەڕێی نیشتمان) دا بۆ سەرشانۆ ئامادە کراو دەورەکان دابەش کرانو دەست بە پرۆڤە کرا . هەروەکو لە دوو توێی یادما مابێت ئامادەکردنو پرۆڤەو دیکۆرو بلیت ئامادەکردن ، سێ هەفتەی نەخایاند .. ئوتومبێلی پڕوپاگاندەکەی ئیدارەی محەلی بۆ پڕوپاگەندەی شانۆیەکە مەرگیرا ، رەفیق چالاك خۆی پڕوپاگەندەکەی بڵاو دەکردەوە ، لەگەڵ خۆیدا چەند ئەکتەرێنی خستبووە ناو ئوتومبێلەکەوە ، هەریەکە لەو ئەکتەرانە چەند دایەلۆژێکی شانۆیەکەیان دەخوێندەوە ، بە بۆنەی لافاوەکەشەوە کاك (نووری وەشتی) هۆنراوەیەکی دوورو درێژو کاریگەری دانابوو ، چالاك ئەوەشی دەخوێندەوە، خەڵکی بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ شل دەکردو دەورێکی باڵای بینی بۆ قەڵە بالغ کردنی شانۆیەکە . جگە لەو بلیتانەی لە هەموو کتێبخانەو دووکانە بەناوبانگەکان دەفرۆشران ، بلیتی تایبەتی بۆ دەوڵەمەندەکانی شار چاپ کرابوون ، هەر یەکە لە بلیتەکان خرابوونە زەرفەوەو ناوی ئەو دەوڵەمەندانەی لەسەر نوسرابوو ، ئەندامانیش بۆیان دەبردن ، هەریەکە ئەو پارەیەی دەیدا لە پشتی زەرفەکەی ئەنووسیو ئیمزای دەکرد،

خوا هەڵناگرێ هەندێکیان پارەی باشیان دەدا !.. بەڵام ئەوانەی لەو کاتەدا زۆر دەوڵەمەند بوون هیچی وایان لەدەست نەدەبووەوە . بۆ نموونە یەکێ لەوانە (سێ پەنجایی)ی دابوو(21) ..

ئەو شانۆیە . لە نووسینی (فرانسوا کۆبیە)یە . رەفیق چالاك بە هاوبەشی کاك نووری وەشتی ئامادەیان کردبوو . لە راستیدا شانۆیەکە زۆر سەرکەوتوو بوو . ماوەیەکی زۆریش بەردەوام بوو . نزیکەی هەزارو دووسەد دینار کۆکرایەوە(22).

لە کۆتایی ساڵی (1957)دا کۆمەڵ لقێکی لە شاری هەڵەبجە کردەوە(23) ..

لە ساڵی (1958)دا کۆمەڵ گوێزرایەوە بۆ شوێنی موختەبەرەکەی ئێستا کە دەکەوێتە خوار خەستەخانەی کتەو پڕیەوە .. ئەو شوێنە زۆر لەبار بوو بۆ کۆمەڵ . دەست کرا بە دروست کردنی شانۆیەکی خنجیلانە لە هۆڵەکەیدا . ژووری نیگارکێشانو مۆسیقا جیا کرایەوە(24) .. لەو ساڵەدا (عبدالمطلب امین) موتەصەریفی سلێمانی بوو . زۆر حەزی بە هونەر دەکرد . کرا بە سەرۆکی فەخریی کۆمەڵ . هەموو رۆژانێکی دووشەممە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە ماڵی موتەصەریف ساز دەکراو باسی هونەرو کاروباری کۆمەڵ دەکرا. وا رێك کەوت دوا کۆبوونەوە بکەوێتە رۆژی دووشەممە کە رێکەوتی چواردەی تەمووزی ساڵی (1958) کۆبوونەوەکە نەکرا ..

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی پیرۆزو بە هۆی بەرپا بوونی باری تازەوە. چەند گۆڕانکاریەك لە کۆمەڵدا بەرپا بوو. دەستەی بەڕێوەبەر گۆڕرا(25) .. پاش ماوەیەك ناکۆکیو دووبەرەلی کەوتە کۆمەڵەوە . هەر لایەنێك دەیویست بەلای خۆیدا ڕای کێشێ کە بەداخەوە گەر وا نەبوایە.کۆمەڵ دەیتوانی دەوری لەبارو کاریگەر ببینێ . کۆمەڵ ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەوکزیو لاوازی دەڕۆیشتو نەیتوانی هیچ دەورێك ببینێ .. دوا هەڵبژاردن . لە کاتێکا بەرەو کۆمەڵ دەچووین بۆ دەنگ دان . لە ڕێگا هیوا لێی دەپرسین کۆمەڵ لە کوێوەیە ، دەربارەی هونەر هیچیان نەدەزانی بگرە لەوانەش بوون ناوی کۆمەڵیان بۆ یەکەم جار بیستبێ! .. هەموو لە ژێرەوە کرابوون بە ئەندام!! ..

دوای ئەوەی دەنگیان داو کاریان بە ئەنجام گەیاند ڕوویان نەبینرایەوە. تا ئێستاش نەك لە کارێکی هونەریدا. بەڵکو لە هامشۆی هیچ کارێکی هونەریدا نەبینراون! ..

بەو شێوەیە کۆمەڵ تا ڕووداوی 1961 لە کوردستانا مایەوە کە لە لایەن میریەوە داخراو هەموو تۆمارەکانی پێچرایەوە ..

پەراوێزەکان

1 ـ تیپی مۆسیقای مەونەوی . بەر لە پێکهێنانی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان دامەزرابوو. هەرچەندە ئەم تیپە بە شێوەیەکی ڕەسمی مۆڵەتی کارکردنی پێ نەدرابوو ، بەڵام ئەم تیپە نازدارە توانی بوونی خۆی بسەلمێنێو سەربەست کاری خۆی بکات .. تیپەکەش لەم هونەرمەندانە پێك هاتبوو : (قادر دیلان ، ولیم یوحەنا . بەهجەتی رەشیدی سەعاتچی ، نەجاتی عەبدە ، حاتەم سەعید . جەلال عزیز رسول ، هادی عەنبەر ، نووری بەدەوی، قادر کوردی) ..

2 ـ ناوی تەواوی کۆمەڵ (کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ـ مەڵبەندی گشتی) بوو ، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کۆمەڵ بۆی هەبوو لە ناوچەکانی تری کوردستاندا لق بکاتەوە .

3 ـ سەرەتای سروودەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکات :

ئەوا هەڵکرا مەشخەڵی هونەر
تاوەکو بۆ گەل ببێتە رابەر
دەسا ئەی برلو خوشکی تێکۆشەر
وەرنە کوڕەوەو ڕێ بگرنە بەر

4 ـ رەفیق چالاك لە دەوری میرزا مەحموودا .. نووری وەشتی لە دەوری سالاردا ، طه خلیل لە دەوری باجی ئایشێدا، صەلاحی حمە جمیل لە دەوری پرشنگدا ، کەمالی رەشیدی مختار لە دەوری گەلاوێژدا ، یاسین خلیل حسین لە دەوری دلشاددا ، برهان مصرف لە دەوری نەبەردا ، شێرکۆ بێکەس لە دەوری صدیق بەگدا ، عەبدوڵای بەنا لە دەوری مچەدا .. بە داخەوە ناوەکانی ترم لەیاد نەماوە .. ئەوەی شایانی باسە لە جاری سێیەمدا کاك سمکۆ عزیز شانۆیەکەی دەرهێنابوو کە ئەوسا قوتابیی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو .

5 ـ لەم شانۆیەدا بوو رەفیق چالاك (خاڵەی رێبوارەکەی) تێدا دەوت ، انور احمد دەوری لەیلی دەبینی ، لەم شانۆیەدا ئەم هونەرمەندانە دەوریان تێدا دەبینی :

رەفیق چالاك لە دەوری کوردا
نووری وەشتی لە دەوری باوکدا
طه خلیل لە دەوری پیاوی احمد بەگدا

بۆ ئەم شانۆیە دیکۆرێکی موجەسەم دروست کرا بوو ،

لە تابلۆی مردنەکەدا لەسەر شانۆ دانرا بوو .

6 ــ ئەم جارەیان بە بۆنەی جەژنەوە پێشکەش کرا ، ئەم شانۆیە ڕۆژی دوو کەڕەت پێشکەش دەکرا ، سەر لە بەیانیو ئێواران ئەم جارەیان کاوەی ئەحمەد میرزا دەوری گـــەلاوێژی دەبینیو فەرەج ئەحمەد دەوری صدیق بەگی دەبینی .

7 ــ لەو سەردەمەدا ئەو بۆیاخەی پێی دەڵێن (ئـەمەلشن) نەبوو ، بەڵکو بۆیەی (ئیستەمپەر) هەبوو کە تۆز بوو، دەخرایە باکەتەوە ، سەتڵی گەورە ئامادە دەکرا ، ئاوی گەرمو سرێشی خۆماڵی ــ کە ئەویش هەر تۆز بوو ــ تێی دەکرا ، پاش ئەوەی بۆیەکەی تێ دەکرا ، بەدار تێك دەدراو بە فڵچە هەموو پەردە گەورەکە بۆیە دەکرا ، پاش ووشك بوونەوە ، نیگارەکەی لەسەر دەکێشرا، زۆر جار کە ناچار دەبووین لەبەر ڕاپەڕاندنی کاروبار، شەو لە کۆمەڵ بمێنینەوە ، ئەو پەردانەمان دەدا بە خۆماندا ، بەیانی کە هەڵ دەساین هەموو لەشمان بۆیە بوو ، ئەمە جگــە لەوەی دەمو چاوو لەشمان هەموو کەتیراوی دەبوو . ئەوەی شایانی باس بێت کاك شیرزاد شـــوقی لە دیکۆری پیسکەدا هاوبەشی چاکی هەبوو .

8 ــ ئەم دیکۆرە مامۆستایان ئازاد شەوقیو خالد سەعید دووستیان کرد .

9 ــ ئەو هونەرمەندانەی شانۆیەکانیان دەر هێنا (رەفیق چالاك ، ئەنوەر توفی ، سمکۆ عزیز) بوون .

10 ــ هەر ڕۆژێکی پێشکەش کردنی شانۆیەکان ، بـۆ چین ، یان دەستەیەکی تایبەتی تەرخان کرابوو ، ڕۆژێ بـــۆ پیاوان ، ڕۆژێ بۆ ژنان ، یان بەم جۆرە ، خشتەیەك بـــڵاو دەکرایەوە (هەموو ڕۆژێکی هەفتە دابەش دەکرا بۆ : ئەهالی ، فەرمانبەران ، قوتابیان ، ژنان ، ئەشراف !.) .

11 ــ هۆڵەکەی سانەوی تا ئێستاش هەر دەنگ دەداتەوە، ئەمە جگە لەوەی سەقفی سەر شانۆکە ئـەمەندە ناڵەبارو بێ کەڵکە ، دەنگەکان قووت دەداتەوە ، ئەمەش دەورێـــکی باش دەبینێ لەوەی تەنها یەك دوو ڕیزی ناو هۆڵەکە زیاتر بە باشـــی دەنگ نەدەبیسترا ، بەڵام لە گەلەریەکەوە بـە باشـــی دەنگ دەبیـــسترا ، لە شەوی ژناندا کاتێ ئەو ئەکتەرانـــەی دەوری ئافرەتیان دەبینی ، قسەیان دەکرد ، ژنانی ناو هۆڵەکــــــە ورتەیان لێوە نەدەهات ، هەر بۆ ئەوەی بزانن بە باشـــی لاسایی ئافرەت دەکاتەوە یان نا ؟ . زۆر جاریش لـــە جلو بەرگو شێوەی لەبەرکردنەکەی وورد دەبوونەوە ئینجـا یـان سەری ڕەزامەندیان دەلەقاند ، یان پێکەنین بەرپا دەبوو ! ..

12 ــ کارەبای ئەو سەردەمە (دیـــی) بوو ، ئەو هێـــزو تینەی کارەبای ئێـــستای نەبوو ، ئەمە جگە لەوەی وایەرەکە کەمێ ڕووت بوو ، تووەز کارەبا لە لایەکی ترەوە چۆتە نـــاو خـەتی میکرۆفۆنەکەوەو ئەو تەزوانە دەگەیەنێت .

13ــ مولەقن شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو ، کە چاڵێك بوو لە پێشەوەی شانۆکەدا ، چادرێکی وەك چەتری دووکانەکانی بۆ کرابوو ، مولەقن دەقی شانۆیەکەی دەگرت بە دەستەوەو دێڕ بە دێری شانۆیەکەی لەگەڵ ئەکتەرەکاندا چاودێری دەکرد ، ئەگەر ئەکتەرێك دەورەکەی لەیاد بچوایە ، دەست بەجێ پێی دەوتەوە ، زۆر جار دەنگی مولەقن دەگـــەیشتە ناو هۆڵەکە ، بەڵام چار نەبوو ، گەر وا نەبوایە شیرازە دەپچڕا .

14 ــ مەمکی دەست کرد کە بە ئەسفەنجی تورت دروست کرابوو ، لە دەرەوەی عیراق دەهێنرا ، نازانم چۆن گەیشتبووە سلێمانی ! .. ناوەکەی بۆش بوو ، ئەکتەرەکە بەهۆی سوخمەی تایبەتیەوە بە سنگیەوە ڕای دەگرت ، یان جاری وا هەبوو ناوی سوخمەکە بە پەڕۆ دەئا خنرا !..

15 ــ لەو ئەکتەرانەی لەو سەردەمەدا بـە باشی دەوری ئافرەتیان دەبینی (صەلاحی حمە جمیل ، انور احمد ، کـەمال مختار ، طە خەلیلیش لە دەوری پیرێژندا کەس نـەی دەتوانی شانبدا لە شانی !) .. یەك دوو جاریش خۆم دەوری ئافرەتم بینیوە ..

16 ــ ڕیشو سمێڵ بە خوریو مووی بزن کـە بە هۆی ئەسیتۆنو بنێشتە تاڵەوە دەنوسێنرا بە دەمو چـــــاوی ئەکتەرەکانەوە. لە پێشترا دەرمانی بەنچەری بەکار دەهێنرا!.. کە دەمو چاوی دەسووتانو سوێی دەکردە دڵەوە ! .. یان تەپە دۆر دەسووتێنراو ڕیشو سمێڵی پێ دەکرا .

17 ــ ئەو خانووەش دەکەوێتە پشـــــت مزگەوتەکەی تەنیشت ئەجزاخانەی شەوکەتەوە .

18 ــ ئەم برایانە ئەندامی دەستەی بـــەڕێوەبەر بوون : (رەفیق چالاك ، نووری وەشتی ، فەرەج ئەحمەد ، صـەلاحی حمە جمیل ، سعید فرج، قادری حاجی تایەر ، طە خلیل ، جەمال بەختیار) .

بەداخەوە لەو سەردەمەدا پرۆگرام نەبوو ناوی شانۆیو نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرەکانو هونەردارانی تیا بنوسرێت، کە بێ گومان گەر وا نەبوایە، ئێستا وەك بەڵگەیەکی باوەڕ پێ کراو دەبووە سەر مەشقی نووسینو کەڵکی زۆری لێ وەردەگیرا .

ئەوسا وا باو بوو ، یەکێ لە میکرۆفۆنەکەوە ناوی شـــانۆییو نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرو دەورەکانیـــانی دەخوێندەوە ، ئەکتەرەکانیش یەك بە دوای یەکا دەهاتنە سەر شانۆو هەر یەکە

دایەلۆژێکی دەورەکەی خۆی دەوت‌و سلاوێکی بۆ بینەران دەکردو دەڕۆیشت .

20 ــ لە شانۆیی‌ی (پیسکەی تەڕپیر)دا کە برا بۆ هەڵەبجە زۆر لە ئەکتەرو دەورەکانیان گۆڕرابوون ، بۆ نموونە :

کاوەی ئەحمەد میرزا لە دەوری پرشنگدا
رؤوف ماستاو لە دەوری صدیق بەگدا
نەوزادی صالح رەفعەت لە خزمەتچی‌دا
بەکر اسماعیل لە خزمەتچی‌دا
اسماعیل بەرزنجی لە معاوندا

شانۆیی (تاوان‌و تۆڵە) ئەم ئەکتەرانە دەوریان تیا بینیوە :

رؤوف ماستاو لە دەوری باوکدا
کاوەی ئەحمەد میرزا لە دەوری کچدا
عزیزی حاجی صالح لە باوەژندا
نووری وەشتی لە کوڕدا

لەم شانۆییەدا ، کاتێ باوکەکە خەنجەرەکە دا دەوەشێنی بۆ کچەکەی کە بەدەستی باوەژنەکەی تاوان‌و تۆمەتی خراوەتە پاڵ بە مەبەستی کوشتنی، خەنجەر وەشاندنە کە ئەمەندە رێک‌و پێک بوو ، هەرچی لە هۆڵەکەدا هەبوو هەستانە سەرپێ‌و هەندێکیان ڕوویان کردە سەر شانۆکە :

21 ــ یەکەم شەوی پێشکەش کردن ، بەر لەوەی شانۆییەکە دەست پێ بکات ، رەفیق چالاك لەبەردەم پەردەوە، ناوەکانی دەخوێندەوە ، بە تەوسەوە باسی ئەوانەی دەکرد پارەی کەمیان دابوو ــ پارەکەش بۆ باربووی لێ قەوماوان بوو ــ لە کاتی ناو خوێندنەوەدا ، کە گەیشتە سەر ناوی کرێکارێك کە دینارێکی دابوو ، زۆر بەرێزەوە ناوی هێناو ووتی : (فلان کەس کە کرێکارەو بەرەنجی شان‌و ئارەقی ناو چەوان پارە پەیدا ئەکات ، یەك دینار .. یەعنی بیست پەنجایی .. فلان کەسیش .. کە عەبا بەشان‌و ئەشراف‌و دەولەمەندی شارە ، دوو روپیە .. سەدو پەنجا فلس .. یەعنی سێ پەنجایی !) .
هەروەها ووتی : (هەموو شەوێ ئەو ناوانە ئەخوێنینەوە !) بۆ کابرا ئەمەی نەبیستبووەوە ، دەست بەجێ پێنج دیناری ناردبوو ! ..

22 ــ رەفیق چالاك خۆی شانۆییەکەی دەرهێنابوو ، ئەم برایانە لەو شانۆییەدا دەوریان دەبینی :

رەفیق چالاك : لە دەوری سەرکردەدا
نووری وەشتی : لە دەوری کوڕی سەرکردەدا
دلشاد مەسرەف : لە دەوری خەفیەدا
طه خلیل : لە ژنی سەرکردەدا
صەلاحی حمە جمیل : لە کچی سەرکردەدا
مەکی عبداللە : لە قەشەدا

ئەوەی شایانی باسە ، هەمان شانۆیی لە سالی (1959)دا لەلایەن (تیپی نواندنی شۆڕش) کە سەر بە لاوانی دیموکراتی عیراق بوو ، لەسەر شانۆی لاوان (کتێبخانەی گشتی‌ی ئەو سەردەمە) کە ئێستا پەروەردەی سلێمانیە ، پێشکەش کرا ، ئەم خوشك‌و برایانە دەوریان تیا دەبینی :

کاوەی ئەحمەد میرزا : سەرکردە
طه خلیل : کوڕی سەرکردە
درخشان شەریف : ژنی سەرکردە
ملیحە رشید : کچی سەرکردە
هێرۆ گۆران : کارەکەر
عبداللە مجید : خەفیە
رؤوف ماستاو : قەشە
کمال رشید مختار : ئەفسەر

لەگەڵ چەند براو خوشکێکی تردا ، بەداخەوە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە .

23 ــ مامۆستا عەلی شەونم لە کردنەوەی لقی هەڵەبجەدا دەوری بالای هەبوو ، لە گەڕەکی (کانی قۆلکە) بارەگای بۆ گیرا، لە ئەنجامی هەڵبژاردندا مامۆستا (فؤاد عزت) بووە سەرۆکی کۆمەڵ ، ئەو لقەی کۆمەڵ چەند بەرهەمێکی شانۆیی‌ی باشیان لە هەڵەبجە پێشکەش کرد .

24ــ لەو سالەدا چەند پیشانگایەك کرایەوە ، مامۆستایان: ئازاد شەوقی ، خالد سەعید ، عثمان خاڵ ، جەمال بەختیار ، دەوری بالایان تێدا هەبوو ، صەلاحی حمە جەمیلیش پیشانگایەکی تەخطیطی لە بارەگای کۆمەڵدا کردەوە .

25 ــ مامۆستا گۆران بووە سەرۆکی کۆمەڵ ، ئەم برایانەش بوونە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر (جەمال شالی ، شیخ شەهاب ، سەلاحی حمە جمیل ، طە خایل، نووری وەشتی ، کمال مختار ، کاوەی ئەحمەد میرزا) .

تێبینی : ئەم ووتارە لەگەڵ لێکۆلینەوەیەکدا بە ناونیشانی (ئەو قۆناغانەی شانۆی کوردی بڕیوێتی) لە کۆڕێکی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی لە چوار چێوەی ومرزی رۆشنبیری دووەمدا خوێنرایەوە .